# چۆن دەتوانم منداڵێك لە خۆبگرم؟

## مەبەست لە خۆگرتنی منداڵ چییە؟

مەبەست لەوەیە کە خێزانێك یان دایكو باوكێك بیانەوێت منداڵێك لە خۆبگرن کە منداڵەکە باوكو دایکی نییە، یاخود بەهۆی کێشەیەکەوە لە ناو خێزانەکەیدا ناژیتو لە خانەی نەوجەوانان یان ساوایان (بێسەپەرشتان) بەخێو بکرێت.

## چەند جۆر منداڵ لە خۆگرتن هەیە؟

لە زۆرێك لەوڵاتان، بە تایبەت وڵاتانی پێشکەوتوو، دوو جۆر لە خۆگرتنی منداڵ هەیە:

یەکەمیان: ئەو کەسە منداڵەکە بەخێو دەکاتو دەیکات بەناوی خۆیەوە، لە کوردستانیش بەپێی یاسا کارپێکراوەکان ئەم ڕێگایە کارایە.

دووەمیان: لەخۆگرتنی کاتی منداڵ یان درێژ خایەن هەیە، خێزانەکە یان دایكو باوکەکە نایانەوێت منداڵەکە ببێتە هی ئەوان بەڵکو تەنها مەبەستیان ئەوەیە کارێکی خێری ویژدانی بکەن بە بەخێوکردنو پەروەردەکردنی منداڵێك هەتا گەورە دەبێت، لە کوردستان ئەمجۆرەیان هێشتا دەستبەکارنەبوون تیایدا.

## چۆن منداڵێك لە خۆبگرم؟

تۆ ئەگەر منداڵت هەبێت یان نا، دەتوانیت بە دوو ڕێگە منداڵ لە خۆبگریت، یەکەمیان لە ڕێگەی دادگاوەوەیەو دووەمیان لە ڕێگەی دامەزراوەی کۆمەڵایەتییەوەو لە چوارچێوەی پڕۆژەیەکدا کە پێی دەوترێت پڕۆژەیخێزانی جێگرەوە.

## بۆ وەرگرتنی منداڵ بەو دوو ڕێگەیە من دەبێت چی بکەم؟

بۆ وەرگرتنی منداڵ بە ڕێگەی یەکەم، کە دەبێتە منداڵی خۆتو تەنها ئەو منداڵانە دەگرێتەوە کە دایكو باوکیان نییەو نەسەبیان دیارنییە، ئەوە پێویستە سەردانی دادگای نەوجەوانان بکەیت لە سلێمانیو ناوی خۆت لەوێ تۆمار بکەیت، بۆ ئەوەی لەو کاتەی سەرەت هات پەیوەندیت پێوە بکەنو پاش یەکلابوونەوەی دادگا لە کەیسی منداڵەکەو دڵنیابوونەوەی لە شیاوێتی ئەو دایكو باوکەی داواکەیان پێشکەشکردووە بڕیاردەدات منداڵەکە ببەخشێتە خێزانی داواکار.

بۆ وەرگرتنی منداڵ بە ڕێگەی دووەم، پێویستە هەر خێزانێك کە دەیەوێت منداڵ لە خۆبگرێت سەردانی بەڕێوبەرێتی چاودێریی کۆمەڵایەتی بکاتو لەوێ لە هۆبەی خێزانی جێگرەوە ناوی خۆی تۆمار بکات، لەکاتی پێویستدا چاوپێکەوتن بەڕێوەدەچێتو پرۆسەی سپاردنی منداڵەکە بە چەند قۆناغێك ئەنجامدەدرێت، لەم پڕۆژەیەدا مەرج نییە داواکار منداڵی نەبێت، هەروەها منداڵەکە ناکرێت بەناوی خێزانی داواکارەوە، بەڵکو کارێکی دوو لایەنەیە، واتە هەم وەڵامدانەوەیە بۆ ویستی ئەو خێزانە کە منداڵی نییە، هەم وەڵامدانەوەی پێویستیو خواستی فەرمانگەی کۆمەڵایەتییە بۆ ئەوەی منداڵەکان لە ئامێزی خێزانەکاندا گەورە ببن نەوەك لە خانەکانی نەوجەوانان . (تێبینی: ئەم ڕێگەی دووەمە، واتە پڕۆژەی خێزانی جێگرەوە هەتا ئێستا دەستی پێنەکردووە، پێدەچێت لە کۆتایی مانگی هەشت پڕۆژەکە بە فەرمی ڕابگەیەنرێتو دەست بەکاربێت(

## هەموو کەسێك دەتوانێت منداڵ لە خۆبگرێت؟

لە ڕێگەی یەکەمەوە واتە ڕێگەی دادگاوە تەنها ئەو خێزانانە دەتوانن منداڵ داوابکەن کە خاوەنی منداڵ نین، هەروەها ئەو منداڵانەش دەدرێنە خێزانەکان کە باوكو دایکیان دیارنییە، واتە نەسەبیان نادیارە.

لە ڕێگەی دووەمەوە ( کە هێشتا دەستی پێنەکردووە ) مەرج نییە ئەو خێزانە خاوەنی منداڵ نەبێت، هەروەها مەرجیش نییە ئەو منداڵانە بسپێردرێن بە خێزانەکان کە دایكو باوکیان دیار نییە .

## یەکەم هەنگاو بۆ داواکردنی منداڵ لە ڕێگەی دادگاوە چییە؟

یەکەم هەنگاو سەردانیکردنی دادگای نەوجەوانانو پێشکەشکردنی داوای وەرگرتنی منداڵە لەو دادگایە.

## منداڵ هەیە لە ئێستەدا بۆ وەرگرتن؟

بە داخەوە بەهۆی کێشەکانی کۆمەڵگەوە، بەردەوام ژمارەیەك منداڵ لە ئامێزی دایكو باوك بێبەش دەبن، بۆیە هەموو کاتێك منداڵ هەیەو پرۆسەکە بەردەوامە، تەنها ژمارەکان کەمو زیاد دەکەن.

## دەتوانم بەویستی خۆم منداڵ دیارییکەن؟

وەرگرتنی منداڵ کارێکی مرۆڤانەیە، دەقەکانی ئاینیش زۆر باس لە گەورەیی ئەم کارە دەکەن، هەربۆیە گەورەیی کارەکە نەگونجاوە لەگەڵ ئەوەی منداڵ هەڵبژێردرێت، یاساو ڕێنماییەکانیش ڕێگە بەو داوایە نادەن، بەڵام داواکار تەنها دەتوانێت: یەکەم/ ڕەگەز (کوڕ یان کچ)، دووەم/ تەمەن، دیارییکاتو وەکو مەرجی داواکەی بیخاتە ڕوو.

**ئامادەکردنی : بەڕێوەبەرایەتی گشتی چاودێریو گەشە پێدانی کۆمەڵایەتی لە پارێزگای سلێمانی.**